**بێهزادی تۆمەتبار، بێهزادی تاوانبار**

ماوەی 15 ڕۆژە بێهزاد خۆشحاڵیی، لە بەندیخانەی ئاسایشی سلێمانی دا لە مانگرتندایە و کەس ئاوڕێکی لیّ ناداتەوە. بێهزاد سەر بە هیچ لایەنێک و ڕێکخراوەیەکی سیاسی نییە و وەک تاک، بە قەدەر 10 ڕێکخراوە کاری نووسین و چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیریی لە پێناوی باوەڕێکی نەتەوەیی دا کردووە. هەموومان وەک ڕۆژ لێمان ڕوونە کە ئەو مرۆڤە بەرانبەر بە خاک و نەتەوەی، چەند دڵسۆزە. هەموومان بە باشیی ئەزانین کە چۆن تاو نە تاو بانگ دەکرا و کاری پیّ دەکرا و پرس و ڕای پیّ دەکرا لە لایەن ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە و ئێستا ئەوانیش لە ئاست داواکەی . کڕ و کەڕ و بیّ دەنگن. دەڵێی ئەوەی ویژدانە لە خەونێکی گراندایە و هەموو بە تاوانباری دەناسن. ئەوانەی وا دژایەتی !..کۆماری ئیسلامی دەکەن خوێندنەوەیان تاوانبار بوونی بێهزادە، نەک تۆمەتبار بوونی. بەڕاست ، بۆ وا بیّ دەنگن؟ ئەی کوا دیمۆکراسی خوازی و ئازادیخوازیتان؟ هەموو ئەوانە فڕ و فیشاڵن یان هەوای بەر پشتێن؟!.... بەڕاستی بیّ دەنگ بوون بەرانبەر بەم کارە، تاوانێکی گەورەیە و شەقڵێکە بە ناوچاوانی هەموو تاکێکی کوردەوە کە دواڕۆژ هیچ تیزابێک نایسڕێتەوە، زۆر بە داخەوە، ئەمە پاداشی نیشتمانپەروەرییە؟!..........

**خەڵکی تێکۆشەر و قارەمانی کوردستان**

**وێڕای ڕێز و سڵاو،**

بۆ ئاگاداریتان، ما وەی 2 مانگە کە ڕۆڵەی تێکۆشەر و چالاکی گۆڕەپانی نەتەوەیی ، کاک بێهزاد خۆشحاڵیی، کە خاوەنی سەدان پەرتووک و نووسراوە و لێکۆڵینەوە و چاوپێکەتنگەلی فراوان دەربارەی پرسە جۆر بە جۆرەکانی پەیوەندیدار بە دۆزی کورد، و هەروەها ڕێکخستنی دەیان وۆرکشاپ بۆ ئاگادار کردنەوەی نەوەی نوێمان دەربارەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی مادە هۆشبەرەکان، لە باشووری کوردستان کە( بەداخەوە بووە بۆ سەرچاوەی داهاتێکی فراوان بۆ کۆمەڵێک لە ناوخۆی باشووری کوردستان) ، بە سەرسووڕمانەوە، لە لایەن ئاسایشی سلێمانی، بە

تۆمەتی کڕین و فرۆشتنی ؟!.. مادە هۆشبەرەکان؟!.. و هەروەها هاتوو چوو کردن بۆ ئێران.. دەسبەسەر کراوە و لە بەنددایە.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە کاک بێهزاد خۆشحاڵیی ، ماوەی 2 هەفتە پێش داوایەکی فەرمیی پێشکەش بە بەرپرسان کردووە بۆ دامەزراندن و بەڕێوە بردنی دادگایەکی بێ لایەن و شەفاف لە بەردەم ڕۆژنامەوانان و ئەو کەسایەتییانەی کە بە شێوەی یاسایی پەیوەندییان بەم کەیسەوە هەیە، تاکوو بتوانێ بە شێوەیەکی یاسایی، بەرگری لە خۆی بکات.

ئەم داوایە، بە داخەوە لە لایەن بەرپرسانی پەیوەندیدار، پشت گوێ خراوە و تەنانەت پاش تێپەڕ بوونی16 ڕۆژ لە مان گرتنی کاک بێهزاد لە خواردن، کە ژیان و گیانی خستووەتە مەترسییەوە، هەروەها بێ وڵام ماوەتەوە.

ئێمە، واژۆکەرانی ئەم داوانامەیە، سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لە هەرێمی کوردستان لە بواری پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی تاک و کۆمەڵ، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ، ڕاستەو خۆ بە بەرپرسی یەکەم بۆ پاراستنی گیانی کاک بێهزاد، دەزانین. هەروەها داوا دەکەین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان، زۆر بە ئاشکرا و بە ڕوونی ئەم کەیسە بخەنە بەر چاوی هەموو خەڵکی کوردستان و بە دواداچوونی بە پەلەی یاسایی بۆ بکەن بۆ گەڕانەوەی کەسایەتی کاک بێهزاد و هەروەها بەم شێوەیە بە خەڵکی کوردستان و هەموو دنیای بنوێنن کە یاسا، سەرووەرە.

تکایە بۆ واژۆکردن پەیوەندی بەم ئیمەیڵەی خوارەوە بفەرموون:

بە سپاسەوە،

Behzad_khosh@yahoo.ca

| | | | |
|---|---|---|---|
| محتشم (شەمە) طاطائی | حسن شافعی | ئاراس رشید | رئوف مرزبان |
| اقبال مرزبان | محمد شهسواری | نعمت کاوسی | خسرو طاهری |
| ماجد لحمی | کیوان فرجی | فرهاد صالحی | شهلا پرویزی |
| مهین علیمرادی | نسرین علیمرادی | سمکو چیا | تابان ساکایا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| آزاد خلیفه‌زاده | فاضل سلطان‌پناه | کاوه فتوحی | محمد پیری |
| بیژن قهرمانی | سیروان کاوسی | بیژن محمدپناه | حەمەخانی سەقز |
| افشین حسن‌پور | سوران صالحی | رضا شجاعی | نجم‌الدین صدیقیانی |
| محسن محمدی | حسن خسروی | سیامک حشمتی | دلنیا رحیم‌زاده |
| وفا یاسینی | فرید نجفی | فرهاد مجیدی | سعید گلشن |
| طه حسنیانی | رئوف درخشان | رضا محمدی | آناهیتا طاطائی |
| بهروز قادری | آرش محمدی | عبدالرحمان حسن‌پور | فرخ مفتی |
| مهناز هانا | کتیب‌فروشی هەژار | جمال فرنوش | حسن ساقت‌فروش |
| احمد ساکت | حسن مرزبان | کمال آریان | عبدالله حاجی |
| هیوا شادمانی | نادر قامارنیا | طاهر پردل | علی امین‌زاده |
| سوما هانار | امیر وزیری | رضا صلواتی | سام صفا |
| حسین شافعی | هژار افشوردل | فاروق شیرخانی | کیوان فرامرزی |
| مصطفی فاتح | وفا رضائی | کاوه رحیمی | قمری رستم‌پور |
| جبار رحمانی | کژال ایلخانی | آنجیلا نیراس | عبدالباسط الاهویسی |
| محمد قرآنی | آکو مظفر کیانی | آسو محمدی | کومار ریش |
| علی بهروان | عبدالباسط علی‌زاده | رئوف کریمی | عطا صالحی |
| علی آزادی | هانا علیپور | کانی روژهەلات | شهریار آجیکند |
| حەمە کوردی رەش | احمد امامی | بهزاد پیامی | جمال سلیمانی‌نژاد |
| سیامند توکلی | سیمین شافعی | انور اسدزاده | رۆژین |
| داوود چاو رەش | عباس قمرنیا | فواد کیخسروی | محمد یدری |
| ابراهیم رنجبر | کریم محمدی | جمیله شکراللهی | فرخ خوشحالی |
| بهزاد خمفروش | امیر عزیزپناه | صالح فتحی | بدری محمدی |
| امید بشری | اسد اعظمی | مجید بکری | نلی نامئو |
| محسن اسکندری | قرنی ایلخانی‌زاده | قازی زی | رئوف گل‌بدن |
| کوروش احمدی | سامان کریمی | ریبوار پرویزی | سارا صدیقی |